Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090107

ڕەگەزە بونیادییەکانی ئینفۆگرافیك

لە ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە عیراقییەکاندا

توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ ڕەگەزە بونیادییەکانی ئینفۆگرافیك لە هەردوو ماڵپەڕی(Kurdistan24

فاروق جمیل کریم

بەشی ڕاگەیاندن // کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان // زانکۆی هەڵەبجە

پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابوونە بە ڕەگەزە بونیادییەکانی ئینفۆگرافیك لە ماڵپەری کەناڵە ئاسمانییە عیراقییەکاندا. سامپڵەکەشی پێکهاتووە لە هەردوو ماڵپەری (کوردستان٢٤)و (ئەلسومەرییە) کە زۆرترین بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی ئینفۆگرافیك داوە. توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتاکان‌و شیکارکردنیان، پشتی بە فۆرمی شیکاریی ناوەڕۆك بەستووە بۆ سامپڵێکی ئەنقەستی (٨٥) بەرهەمی ئینفۆگرافیك کە لەماوەی (٣) مانگی سەرەتای نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢١دا لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە بڵاوکراونەتەوە. لەکۆتاییدا توێژەر بەکۆمەڵێك ئەنجام گەیشتووە، دیارترینیان: هیچکام لە دوو ماڵپەرەکە بەپێی پلان کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی ئینفۆگرافیك نەکردووە. هیچکام لە دوو ماڵپەرەکە نەیانتوانیوە تەواوی ڕەگەزە بینراوەکان بەکاربهێنن لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا. هەردوو ماڵپەر بایەخی بەرچاویان داوە بە ڕەگەزە بونیادییە نوسراوەکان، جگە لە ڕەگەزی (ڕێژە سەدییەکان) کە ماڵپەرە عەرەبییەکە بەهیچ شێوەیەك پشتی پێ نەبەستووە. کەناڵە عەرەبییەکە زۆرترین بایەخی بە رەگەزی میوزیك داوە بە ڕێژەی (%٩٦.١٥) کە وەك جێگرەوەی دەنگی بێژەر، هەرچەندە ئەوانە دوو ڕەگەزی بیستراوی جیاوازن‌و هەریەکەش ئەرك‌و کاریگەریی خۆیان هەیە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە ماڵپەری کەناڵە کوردییەکە بەتەواوەتی ئەم ڕەگەزەی پشتگوێ خستووەو بەهیچ شێوەیەك بەکاری نەهێناوە. هەروەها هیچکام لە دوو ماڵپەرەکە پشتیان بە (لێدوان‌و کارتێکەرە دەنگییەکان) نەبەستووە.

rticle Info

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

Keywords

ڕەگەزی بونیادیی، ئینفۆگرافیك، ماڵپەر، کەناڵی ئاسمانی

Corresponding Author

Farooq.kareem@uoh.edu.iq

پێشەکی :

مرۆڤ لە دێرزەمانەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، جگە لە زمانی نوسین‌و جەستە، پشتی بە وێنەو هێڵکارییەکان بەستووە. هەم داهێنەرو هەم ئاشناو بەکارهێنی چەندان ئامرازو شێوازی کاریگەر بووە بۆ تۆمارکردن‌و پاراستن‌و گواستنەوەی پەیامەکانی. ئەوەی کە پێش هەزاران ساڵ مرۆڤ کردوویەتی- ئەگەرچی سادەو ساکاریش بووبێت، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە مرۆڤایەتی هەر لەکۆنەوە بایەخی بەم بوارە داوە وەکو کەرەستەیەکی بیناوی گواستنەوەی زانیارییەکان. لەئێستاشدا یەکێك لەو هونەرە گرنگانەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو پشتی پێ دەبەسترێت بۆ گەیاندنی پەیامەکان لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ، هونەری ئینفۆگرافیکە کە دەتوانین بڵێین لەڕووی ئامانج‌و پەیامەوە درێژەپێدەرو میراتگری هونەرە بیناوەکانی پێش سەدان‌و هەزاران ساڵە. ئینفۆگرافیك وەك زاراوە مێژوویەکی کۆنی نیە، بەڵام لەڕووی ئەرك‌و ئامانجەوە، هەمان ڕیشەی دێرینی هەیە. بایەخی گەورەی ئەم هونەرە لەوەدایە کە ئێستا وەك هونەرێك لە بواری ڕۆژنامەوانی‌و ڕاگەیاندندا بەشێوەیەکی بەرچاو پشتی پێ دەبەسترێت، لە ناوەندە زانستی‌و ئەکادیمییەکاندا بە پرۆگرام‌و پلانی گونجاوەو دەخوێندرێت‌و گەشەی پێ دەدرێت. وەکچۆن هونەرێکە کۆکەرەوەی تەواوی ڕەگەزە بیناوو نوسراوو بیستراوەکانی پرۆسەی کۆمیونیکەیشنە، هەروەها لە هەموو بوارێکیشدا پشتی پێ دەبەسترێت، لە بازرگانییەو تا میدیایی‌و فێرکاری‌و زانستی‌و ئەرشیف‌و مێژوو جوگرافیاو.... تاد. کارایی ئەم هونەرە لە گەیاندنی زۆرترین داتاو زانیاری لە پانتاییەکی کەم‌و ماوەیەکی کورتدا، وای کردووە کە بەشێوەیەکی خێرا سنوورەکان ببڕێت، لەو چوارچێوەیەشدا بەکارهێنانی لای زۆربەی کەناڵەکانی میدیای کوردستانی‌و عیراقی بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاوو باو. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیە لەڕێی کۆمەڵێك پرسیارەوە هەوڵدەدات وەڵامی پێویست بەدەست بهێنێت دەربارەی ڕەگەزە بونیادیەکانی ئەم هونەرە لە ماڵپەری کەناڵە ئاسمانییە عیراقییەکاندا.

توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژینەوەی2 (Mai A.Y. Mahmoud: ۰ :( )(21ئامانجی ئاشنابوونە بە بونیادی ئینفۆگرافیکی ڤیدیۆیی لە پەڕەی فەیسبووکی کەناڵە هەواڵییەکاندا. توێژەر (٤٠) ڤیدیۆگرافیکی پەڕەی فەیسبووکی کەناڵی(BBC Arabic)ی مانگی نیسانی ٢٠١٩ وەك سامپڵ وەرگرتووە. پاش شیکاری ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان، گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە ڤیدیۆگرافیك زۆرترین فۆکەسی لەسەر ڕەگەزی (کات) بووە بەتایبەت لە هەواڵەکانی دەستپێکدا. هەروەها ئەو ئینفۆگرافیکانەش زۆرترینن کە پشتیان بە چاوپێکەوتن بەستووە. لایەنی ئیستاتیکی زمانی ڤیدیۆگرافیکەکانیش هاوتەریبە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی فەیسبووکدا .

توێژینەوەی (مناف حسن‌و سعد سلمان: ٢٠٢١)( ): ئامانجی زانینی ڕادەی گرنگیدانی ڕۆژنامەکانی (مکە، ریاز)ی سعودییە بە ئینفۆگرافیك‌و پەیوەندییان بە واقیعی ناوخۆوە. توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی بەستووەو فۆرمی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە. سامپڵەکەشی (٢٨٩) ئینفۆگرافیکی ڕۆژنامەی (مکە)و (٢٣٥) ئینفۆگرافیکی ڕۆژنامەی (ریاز)ە لەساڵی ٢٠١٩دا. بەپێی ئەنجامەکان، هەردوو ڕۆژنامەکە زۆرترین بایەخیان بە بابەتە فێرکارییەکان داوە. هەروەها (٨٣.٢٩%)ی ئینفۆگرافیکی ڕۆژنامەی (مکە) ناوخۆیین، بەڵام (ریاز) لە ئینفۆگرافیکی نێودەوڵەتیدا پێشەنگە بە ڕێژەی (٣٧.٤٤%).

توێژینەوەی2 (Ahmed Adel Abd El Fattah: ۲۰. :( )(ئامانجی زانینی ڕادەی کاریگەریی ئینفۆگرافیکی ماڵپەڕە میسرییەکانە لەسەر تێگەیشتن لە بابەتە ئابوورییەکان لەلایەن خوێندکارانەوە. توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتاکان فۆرمی ڕاپێوی لەکارهێناوەو لەسەر (٤٠) خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی پەروەردەی جۆریی زانکۆی (المنصورە) تاقیکردووەتەوە. توێژەر بۆی دەرکەوتووە: دینامیکیەت‌و جۆری ئینفۆگرافیك فاکتەری گرنگن بۆ خستنەڕووی ئەو زانیاریانەی کاردەکەنە سەر تێگەیشتنی پرسە ئابوورییەکان، بەراورد بە شێوازی ئینفۆگرافیکی جێگیر. هەروەها بەرتوێژەکان لەسەر بنەمای جۆرو فرەیی ناوەڕۆك، سەیری گرافیکەکان دەکەن .

توێژینەوەی (ریهام درویش:٢٠٢٠)( ): ئامانجی زانینی ڕادەی بەکارهێنانی ئینفۆگرفیکە بۆ خستنەڕووی پرسە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنییەکانەوە. توێژەر ماڵپەڕی (گرافیك نیوز)ی وەك سامپڵی توێژینەوەکەی وەرگرتووە بۆ هەڵسەنگاندن‌و وەسفی چۆنایەتی‌و چەندایەتی‌و بابەتیبوونی ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکە لەماوەی سێ مانگی ٢٠١٩دا. پاشان گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە زۆرترین ئینفۆگرافیکی ماڵپەڕەکە لەشێوەی زنجیرەی مێژوویین‌و تەرخان کراون بۆ پرسە سەربازییەکان‌و لەو نێوەندەشدا زۆرترین جار ناوی (ویلایەتە یەکگرتووەکان) هاتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی گرێدراو هەیە لەنێوان جۆری ئینفۆگرافیك‌و بەکارهێنانی ڕەگەزە بیناوەکانیدا بەتایبەت بەکارهێنانی نەخشەو وێنەو هێما تیایدا .

توێژینەوەی (بیرق الربیعی وعبدالامیر الفیصل:٢٠١٩)( ): توێژینەوەیەکی شیکارییە بەئامانجی ئاشنابوون بە شێوازەکانی بەکارهێنانی ئینفۆگرافیك لە ماڵپەڕە هەواڵییەکاندا. توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە بۆ شیکاری ناوەڕۆکی (١٥١) ئینفۆگرافیکی ماڵپەڕەکانی (سومەریەو سکای نیوزو ئەلجەزیرە) لەماوەی سێ مانگی ساڵی ٢٠١٧دا. دوای کۆکردنەوەی داتاکان‌و شیکردنەوەیان، توێژەر بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتووە، لەوانە: سەرچاوەی زانیارییەکانی ئینفۆگرافیك لە هەرسێ ماڵپەڕەکەدا هەمەجۆرن. ماڵپەڕەکان بایەخی کەمیان داوە بە ئینفۆگرافیکی جوڵاو. هەروەها هەریەك لە بەرتوێژەکان مۆرکی تایبەت بەخۆی لەسەر ئینفۆگرافیك بەجێهێشتووە .

توێژینەوەی (هانی ابراهیم البگل: ٢٠١٩)( ): ئامانجی توێژینەوەکە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیارو گریمانەیە لەبارەی ڕادەی خوێندنەوەو تێگەیشتنی گەنجانی زانکۆ لە ئینفۆگافیك لە ماڵپەری ڕۆژنامە میسرییەکاندا: (البوابە نیوز، مبتدأ، الیوم السابع). سامپڵی مرۆیی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٢٠٠) گەنجی زانکۆ. توێژەر پشتی بە ئامرازی چاوپێکەوتنی چوارچێوەدار بەستووە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان. سەرەنجام بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، لەوانە: بوونی جیاوازیی بە ئاماژەی ئاماری لەنێوان ناوەندی خوێندنەوەو تێگەیشتنی گەنجان لە ئینفۆگرافیکی ماڵپەڕەکانی ڕۆژنامە میسرییەکان (سامپڵی توێژینەوەکە) بەپێی جۆری ئینفۆگرافیکە بەکارهاتووەکان .

توێژینەوەی2 (Sukardani & :Setianingrum ۰ :( )(19)توێژینەوەیەکی وەسفیی بەراوردکارییە بەئامانجی ئاشکراکردنی چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵەکان لەڕێی هونەری ئینفۆگرافیکەوە لە پۆرتاڵە هەواڵییەکانی ئیندۆنیزیا. توێژینەوەکە پشتی بە فۆرمی شیکاری بەستووە بۆ ناوەڕۆکی

ئینفۆگرافیك له (٥) پۆرتاڵدا. توێژەران بەو ئەنجامە گەیشتوون كە بەرتوێژەكان شێوازو مۆدێلی تایبەت بەخۆیان هەیە لە پێشكەشكردنی ئینفۆگرافیكدا. فاكتەری ئایدۆلۆژی، بیروڕای سیاسیو ماركێتیك كاریگەری بەرچاویان هەیە لە ستراتیژی نمایشكردنی زانیارییەكانی ئینفۆگرافیكدا. خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە كە تەواوی ڕەگەزەكانی ئینفۆگرافیكیان بەكارهێناوە .

توێژینەوەی (جواد راغب الدلو: ٢٠١٨)( ): ئامانجی توێژینەوەكە زانینی ئاستی گرنگیدانی ڕۆژنامەگەریی فەلەستینیە بە ئینفۆگرافیك لەڕووی ناوەڕۆكو جۆرو ئامرازو ڕەگەزو سەرچاوەو شوێنی بڵاوكردنەوەوە. سامپڵی توێژینەوەكە پێكهاتووە لە (١٤٠) ژمارەی ڕۆژنامەی (الرسالە) لە ساڵی ٢٠١٤دا. بۆ كۆكردنەوەی داتاكان توێژەر پشتی بە هەردوو میتۆدی ڕووپێویو پەیوەندیی دوولایەنە (العلاقات المتبادلە) بەستووە. لە گرنگترین دەرەنجامەكانی: ڕۆژنامەكە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەكانی دیكەی فەلەستین زۆرترین بایەخی بە ئینفۆگرافیك داوە كە زۆربەیان لە بواری سیاسیو كۆمەڵگەییدا بوون. زۆربەشیان ڕەنگدانەوەی دۆخی ناوخۆی وڵاتو ئاماژەیان بە سەرچاوە نەكردووە .

توێژینەوەی (عبیر محمد سلیم لبد: ٢٠١٨)( ): ئامانجی توێژینەوەكە زانینی ڕادەی بایەخدانی ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییە فەلەستینییەكانە بە ئینفۆگرافیكو گرنكترین بوارو ئامرازو ڕەگەزەكانی. بۆ كۆكردنەوەی داتاكان، توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە بە بەكارهێنانی فۆرمی شیكاری ناوەڕۆك. توێژەر بە چەندین ئەنجام گەیشتووە، گرنگترینیان: ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییەكانی سامپڵی توێژینەوەكە زۆرترین بایەخیان داوە بە ڕەگەزە بینراوەكان ئینفۆكرافیكدا. هەروەها بابەتەكانی جەنگو دوژمنكاری بەرزترین ڕێژەی ئینفۆگرافیكی بۆ تەرخان كراوە بە ڕێژەی (٣٣.٣٣%)، پاشان بەدوای یەكدا كەیسی پەنابەرانو دیلە فەلەستینییەكانو پرسی گەمارۆكانی ئیسرائیل لەسەر فەلەستین .

توێژینەوەی (مروە عگیە محمد: ٢٠١٨)( ): ئامانجی توێژینەوەكە ئاشنابوونە بەكاریگەریی بڵاوكردنەوەی چیرۆكە هەواڵییەكان لە شێوەی ئینفۆگرافیكی ئینتەرنێت لەسەر بیركەوتنەوەی ناوەڕۆكی چیرۆكە هەواڵەكە لای وەرگر. توێژەر فۆرمی ڕاپێویی بەكارهێناوە بۆ كۆكردنەوەی داتاكانو بەسەر (١٢٠) بەرتوێژدا دابەشی كردووە كە خوێندكاری قۆناغی یەكەمی بەشی ڕاگەیاندنن. لەكۆتاییدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، لەوانە: ئینفۆگرافێك دەبێتە هۆی بەهێزكردنی توانای (تێگەیشتنو بیركەوتنەوە)ی ناوەڕۆكی چیرۆكە هەواڵەكانو هەروەها كاتو شوێنی ڕووداوەكان لای وەرگر بەراورد لەگەڵ شێوازی كلاسیكیی خستنەڕووی چیرۆكە هەواڵ.

كێشەی توێژینەوەكەو پرسیارەكانی:

كێشەی ئەم توێژینەوەیە دوو ڕەهەندی تەواوكاریی یەكتری هەیە. یەكەمیان ئەوەیە كە بە سەیركردنی كەناڵە ئاسمانییە عیراقییەكانو ماڵپەرەكانیان، دەردەكەوێت كەم تا زۆر بایەخ بەم هونەرە ڕۆژنامەوانییە هاوچەرخە دراوە. ڕەهەندی دووەمیش ئەوەیە كە بە چاوخشاندن بە توێژینەوەكانی پێشوودا دەردەكەوێت كەمترین توێژینەوەی زانستیی لەم بارەیەوە كراوە، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی بە زمانی كوردی ئەنجام دراون. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە پرسیارێكی سەرەكی دەوروژێنێت كە چەند پرسیارێكی دیكەشی لێدەكەوێتەوە:

-ڕەگەزە بونیادییەكانی ئینفۆگرافیك كامانەن لە ماڵپەری كەناڵە ئاسمانییە عیراقییەكاندا؟

-تا چ ڕادەیەك ماڵپەڕی كەناڵە ئاسمانییە عیراقییەكان بایەخیان بە هونەری ئینفۆگرافیك داوە؟

-ئەو بوارانە چین كە ماڵپەرەكان لەچوارچێوەی ئینفۆگرافیكدا بایەخیان پێداوە؟

-جۆرەكانی ئینفۆگرافیك لە ماڵپەڕی كەناڵە ئاسمانییە عیراقییەكاندا كامانەن لەڕووی بونیادەوە؟

-كامانەن ڕەگەزە بونیادییە (بینراو، نوسراو، بیستراوەكان)ی ئینفۆگرافیك لە هەردوو ماڵپەردا؟

-چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان هەردوو ماڵپەردا لەڕووی بایەخدان بە ڕەگەزە بونیادییەكانی ئینفۆگرافیكەوە؟

ئامانجی توێژینەوەكە:

-دەرخستنی ڕادەی بایەخدانی ماڵپەڕی كەناڵە عیراقییەكان بە ئینفۆگرافیك.

-زانینی ناوەڕۆكی ئینفۆگرافیك لە هەردوو ماڵپەر(سامپڵی توێژینەوەكە)دا.

-ئاشنابوون بە جۆرەكانی ئینفۆگرافیك لە ماڵپەڕی كەناڵە ئاسمانییە عیراقییەكاندا.

-ئاشنابوون بە ڕەگەزە بونیادییەكانی گرافیك لە هەردوو ماڵپەرەكەدا.

-ئاشكراكردنی جیاوازیی هەردوو ماڵپەر لە بایەخدان بە ڕەگەزە بونیادییەكانی ئینفۆگرافیك؟

بایەخی توێژینەوەكە:

أ/ بایەخی زانستی: ئینفۆگرافیك لە میدیای كوردستانیو عیراقیدا هونەرێكی نوێیەو تادێت زیاتر بایەخی پێدەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا كەمترین سەرچاوەی زانستیی كوردی بەردەستە دەربارەی ئەم هونەرە .

ب/ بایەخی كرداریی: ئاشكراكردنی (لایەنی باشو خراپ)ی بەكارهێنانی ئەم هونەرە لەڕووی بونیادییەوە، دەبێتە بنەمایەكی زانستی بۆ ڕۆژنامەنوسانو كەناڵەكانی میدیای كوردیو عیراق بەئاراستەی پەرەپێدانی باشییەكانو نەهێشتنی كەموكوڕییەكان لەمیانی پشتبەستن بەم هونەرەو بەكارهێنانی لە كاری میدیاییاندا.

تیۆرینامەی توێژینەوەكە:

أ/ جۆری توێژینەوەكە: ئەم توێژینەوەیە كە بایەخ دەدات بە واقیعی هونەرێكی ڕۆژنامەوانیی دیاریكراو لە میدیای عیراقو كوردستانیدا، توێژینەوەیەكی شیكاریی بەراوردكارییە بۆ پێكهاتەی ئینفۆگرافیكی بەكارهاتوو لە ماڵپەری كەناڵە ئاسمانییە عیراقییەكاندا .

ب/ میتۆدی توێژینەوەكە: توێژینەوەكە پشتی بە دوو میتۆد بەستووە:
أ/میتۆدی ڕووپێوی: بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو داتای پێویستو گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەكانی توێژینەوەكە، توێژەر ڕووپێوییەكی گشتگیر دەكات بۆ بوارو شێوەو بونیادو ڕەگەزە بونیادییەكانی ئینفۆگرافیك لە سامپڵی توێژینەوەكەدا. ب/میتۆدی بەراوردكاری: بۆ زانینی ڕادەی جیاوازیی نێوان هەردوو ماڵپەری سامپڵی توێژینەوەكە لەڕووی بایەخدان بە ئینفۆگرافیكو بوارو شێوەو بونیادو ڕەگەزە بونیادییەكانەوە، توێژەر پشتی بەم میتۆدەش بەستووە .

ج/ئامرازی توێژینەوەكە: بۆ كۆكردنەوەی داتاكان، توێژەر پشتی بە فۆرمی شیكاریی ناوەڕۆك بەستووە كە بەجۆرێك ڕێكخراوە وەڵامدەرەوەی

پرسیارەکانی توێژینەوەکە بێت. بەوەش توێژەر شیکاری بۆ ناوەڕۆکی بۆ ئەو ئینفۆگرافیکانە کردووە کە وەك سامپڵی توێژینەوەکەدا وەرگیراون .

کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی کەناڵە ئاسمانییە عیراقییەکان. سامپڵی توێژینەوەکەش لەڕووی بابەتەوە پێکهاتووە لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانی(Kurdistan24) و .(Alsumaria) بەو پێیەی ماڵپەڕی کەناڵی (Kurdistan24) لەچاو ماڵپەڕی کەناڵە کوردییەکانی دیکەدا زۆرترین بایەخی داوە بە بڵاوکردنەوەی ئینفۆگرافیك. هەروەها ماڵپەڕی کەناڵی(Alsumaria) یش بەراورد بە ماڵپەڕی کەناڵە عەرەبییەکانی عیراقییەکان گرنگیی زیاتری داوە بەم هونەرە. لەڕووی (کات)یشەوە، سامپڵێکی ئەنقەستەو رووپێوییەکی گشتگیرە بۆ (٨٥) بەرهەمی ئینفۆگرافیك کە لەماوەی (٣) مانگی سەرەتای نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢١دا لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە بڵاوکراونەتەوە، واتە لە (١ی٦ی٢٠٢١) تا (١ی٩ی ٢٠٢١). لەو ماوەیەشدا لە ماڵپەڕی(Alsumaria) دا (٥٢) ئینفۆگرافیك‌و لە ماڵپەڕی (Kurdistan24)یش (٣٣) ئینفۆگرافیك بڵاوکراونەتەوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بەروارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماڵپەڕی (Alsumaria) لە رۆژی ٢٠٢١/٦/٧ەوە یەکەم ئینفۆگرافیکی بڵاوکردووەتەوە .

دەستەکانی شیکارکردن:

وەکو ئامرازی سەرەکی بۆ شیکاری ناوەڕۆك، توێژەر پشتی بە چەند دەستەیەك بەستووە، کە ئەمانەن: دەستەی بابەت، یاخود ئەو بوارانەی کە ئینفۆگرافیکەکەی بۆ تەرخان کراو، ئەوانیش بریتین لە (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، وەرزشی، تەندروستی، سەربازی‌و ئەمنی، زانست، مرۆیی، ژینگە، کلتوور، خزمەتگوزاری). هەروەها دەستەی شێوە بونیادییەکانی ئینفۆگرافیك کە بریتین لە (جێگیر، جوڵاو، کارلێکی). پاشان دەستەی ڕەگەزە بونیادییەکانی ئینفۆگرافیك کە بریتین لە (ڕەگەزە بینراوەکان: فۆتۆ، ڤیدیۆ، تەختەڕەنگ، چارت‌و نەخشە، لۆگۆ، ئاڵا، هێما. ڕەگەزە نوسراوەکان: تێکست، ژمارە، ڕێژە، ساڵ‌و بەروار. ڕەگەزە بیستراوەکان: دەنگی بێژەر، لێدوان، موزیك، کارتێکەری دەنگی .(

راستاندن‌و جێگیرکردن:

بۆ دڵنیابوون لە دروستیی ئامرازەکانی توێژینەوەکەو بەدەستهێنانی ئەنجامی بێ کەم‌وکوڕی، توێژەر کۆمەڵێك ڕێکاری گرتەبەر. هەفتەیەك پێش شیکاری‌و کۆکردنەوەی داتاکان، چاودێریی هەردوو ماڵپەڕی کرد بۆ دڵنیابوون لە تەواویی دەستەکانی شیکارکردن. پاشان دوایین کڵێشەی ئامادەکراوی فۆرمە شیکارییەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك توێژەری پسپۆڕی بوارەکە(*) بۆ هەڵسەنگاندن‌و دەوڵەمەندکردنی. بۆ جێگیرکردنی ئەنجامەکانیش، دوو هەفتە پاش تەواوکردنی شیکارییەکە، توێژەر دووبارە شیکاریی بۆ سامپڵێکی هەڕەمەکیی نێو سامپڵی سەرەکی توێژینەوەکە کردەوە .

ئینفۆگرافیك وەك هونەرێکی رۆژنامەوانی:

چەمك‌و پێناسە:

ئینفۆگرافیك ناوێکی لێکدراوی ئینگلیزییە، کورتکراوەی هەردوو وشەی (Infogrmation Graphic)ە. بەواتای ئاوێتەکردن‌و خستنەڕووی زانیارییەکان بەشێوەیەکی بینراو هەر لە داتاو ژمارەکانەوە تا نەخشەو هێماو تێکست‌و فۆتۆو ڤیدیۆکان‌و چەندان ڕەگەزی دیکە. ئینفۆگرافیك بەم شێوازەی ئێستای هونەرێکی نوێیەو لەم ساڵانەی دواییدا بایەخی بەرچاوی پێدەدرێت لە میدیادا بەهۆکاری ئەوەی کە "ئینفۆگرافیك بە کەمترین وشەو کات‌و پانتایی لەتوانایدایە زۆرترین زانیاریی ببەخشێت"( ). ئەم هونەرە چەند هاوواتایەکی دیکەشی هەیە، لەوانە(Data Visualization) :و (Information Design)، بەڵام ئینفۆگرافیك بەربڵاوترینە. یەکێك لە دیارترین پێناسەکانی ئینفۆگرافیك ئەوەیە کە بریتیە لە هونەری گۆڕینی داتاو زانیارییە ئاڵۆزەکان بۆ وێنەو نیگاری بینراوی ئەوتۆ کە تێگەیشتنی ئاسان بێت‌و سەرنجی وەرگریش ڕابکێشێت( ). لە پێناسەیەکی تردا هاتووە: "ئینفۆگرافیك، بریتییە لە کۆمەڵێك زانیاریی بینراو کە داتاکان لە کۆت‌وبەندی وشە نوسراوەکان رزگاردەکات، لەو چوارچێوەیەشدا زانیارییە وێنەییە بینراوەکان دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دەنوێنن‌و داتاکان ئاسان دەکەن بۆ تێگەیشتن‌و هەڵگرتن لە یادگەدا"( ). بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاسانکارییەی کە تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان بۆ پەرەپێدان‌و دیزاین‌و بەرهەمهێنانی ئەم هونەرە فەراهەمی کردووە، ئەم هونەرە پێناسەیەکی گشتگیرتر هەڵدەگرێت. لەو ڕوانگەیەشەوە دەکرێت هەم وەك تەکنیك‌و هەم وەکو هونەرێك بناسێنرێت کە هاوشێوەی هونەرەکانی دیکە، لەگەڵ پێشکەوتن‌و پەرەسەندنی هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەوانیدا پەرەی پێدراوە بە سوودوەرگرتن لە داهێنانە تەکنۆلۆجییەکان‌و پرۆگرامەکانی دیزاین‌و نەخشاندن. کەواتە ئینفۆگرافیك هونەرێکی رۆژنامەوانییە کە بەسوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای نوێ‌و پرۆگرامەکانی دیزاین، زانیاری‌و داتا بینراوو نوسراوو نوسراوەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە، پاشان لە کەمترین پانتایی‌و کورتترین ماوەدا، زۆرترین داتا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش‌و ئاسان پێشکەشی وەرگر دەکرێت .

جۆرەکانی ئینفۆگرافیك:

پۆلێنکارییەکان بۆ جۆرەکانی ئینفۆگرافیك زۆرو جیاوازن. هەریەکەو لەسەر چەند بنەمایەك دیاریکراون، بەڵام باوترینیان ئەوەیە کە بەپێی سێ بنەما دابەشی کردوون :

جۆری یەکەم: بەپێی شێوازی پیشاندان: مەبەست لەمە کۆتا شێوەی دیزاینکراوی بەرهەمەکەیە بۆ بڵاوکردنەوە کە دەکرێت بە سێ بەشەوە:( )

جێگیر: داتاو زانیارییەکانی تێدا کۆدەکرێتەوەو لەشێوەی پاکێجێکی یەکانگیرو چەسپاودا دەخرێتەڕوو کە بواری جووڵەی تێدا نیە .

جووڵاو: دوو جۆری هەیە کە ڤیدیۆیی‌و جووڵاون: (ڤیدیۆی ئاسایی) کە زانیاری‌و داتای ئاوێتە دەکرێت. دووەمیش (مۆشن گرافیك)ە کە هەموو ڕەگەزەکانی بونیادی ئینفۆگرافیکی تێدایە بە ڤیدیۆو دیمەنە گریمانەییەکانیشەوە .

کارلێکە گرافیك: بەجۆرێك دیزاین‌و مۆنتاژ کراوە کە وەرگر لەڕێی کۆد یان دوگمەی تایبەتەوە دەتوانێت جووڵەی پێ بکات‌و لە ناوەڕۆکەکەی وردبێتەوە .

جۆری دووەم: بەپێی شێوەو پلان: مەبەست لە شێوازی خستنەڕووی داتاو زانیارییەکانە لەچوارچێوەی بەرهەمەدا کە ئەمانە دەگرێتەوە( ): (ئاماری، ریزبەندی کات، قۆناغبەندی، نەخشە، خشتەیی، کەسایەتی، بەراوردو لێکچوون‌و پەیوەندی، نیگارو هێڵکاری، چارتەکان‌و... تاد .

جۆری سێیەم/ بەپێی ئامانج: ئەو ئامانجەیە کە لە بنەڕەتەوە کارەکەی بۆ بەرهەم هێنراوە، وەکو: (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، وەرزشی، رۆشنبیری، فێرکاری، تەندروستی، تەکنۆلۆژی، بازرگانی، مێژوویی‌و... تاد .(

ئەرکەکانی ئینفۆگرافیك:

خۆی لە توانستی ئاسانکاریو گواستنەوەی کۆی زانیاریو داتاکان دەبینێتەوە. هەڵبەت بەهۆی تایبەتمەندییەکانیەوە دەشێت لەیەک کاتدا کۆمەڵێک ئەرک بەجێ بگەیەنێت. ئەگەرچی لە بنەڕەتدا هونەرێکی ڕۆژنامەوانییەو بۆ زیاتر بۆ هەمان مەبەست پشتی پێ دەبەسترێت، بەڵام وەک ئامرازێکی کاریگەر چوارچێوەی کاری میدیایی تێپەڕاندووەو بۆ زۆر بواری دیکەش پشتی پێ دەبەسترێت. دیارترینی ئەو ئەرکانەش بریتین لە( ): (مارکێتیک یاخود ریکلامو بازرگانی، فێرکاری، میدیاییو هەواڵدان، ڕێنوێنیو هوشیاری، شیکاریو شرۆڤە، تەرفیهیو... تاد .(

ڕەگەزە بونیادییەکانی ئینفۆگرافیک

هەموو بەرهەمێکی میدیایی لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێکدێت کە وەکو کۆڵەکەی سەرەکی بوونەتە مایەی دروستبوونو ڕاگرتنی ئەو بەرهەمە. ئینفۆگرافیک لە پێکهاتەکەیدا کۆمەڵێک ڕەگەز هەیە کە لەم توێژینەوەیەدا فۆکەسیان خراوەتە سەر کە ئەمانەن :

یەکەم/ ڕەگەزە بینراوەکان: مەبەست لەو ڕەگەزانەیە کە بەچاو دەبینرێنو وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا ڕۆڵ دەگێڕن، ئەوانەش بریتین لە: (فۆتۆ، ڤیدیۆ، تەختەڕەنگ، چارتەکان، نەخشەکان، لۆگۆ، ئاڵا، هێماو سونبولەکان .(

دووەم/ ڕەگەزە نوسراوەکان: مەبەست لەو پێدراوانەیە کە لە شێوەی نوسراودا دەردەکەونو دەبنە تەواوکەری ڕەگەزە بینراوەکانی ئینفۆگرافیک، ئەوانیش بریتین لە: (ژمارەکان، ڕێژە سەدییەکان، ساڵو بەروارەکان .(

سێیەم/ ڕەگەزە بیستراوەکان: تەواوی ئەو پێکهاتە دەنگییانە دەگرێتەوە کە لە ئینفۆگرافیکدا هەنو وەرگر لەڕێی هەستی بیستنەوە سوودیان لێ وەردەگرێت، ئەوانیش بریتین لە: (دەنگی بێژەر، میوزیک، دەنگە سروشتییەکان، لێدوان .(

ناساندنی چەمکەکان :

ڕەگەزە بونیادییەکان: تەواوی ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە کە وەک خشت بوونەتە پێکهێنەری بەرهەمی ئینفۆگرافیک لە ماڵپەری کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکاندا، ئەوانیش بریتین لە ڕەگەزە بونیادییە بینراو، بیستراو، نوسراوەکان .

ئینفۆگرافیک: ئەو هونەرە ڕۆژنامەنوسیەیە کە لە ناواخنیدا داتاو زانیارییەکان بەشێوەیەکی ئاسانو لە کەمترین ماوەو پانتاییەدا دەخاتە بەرچاوی وەرگر. ئەوەش ئاوێتەیەکە لە ڕەگەزە بینراوو بیستراوو نوسراوەکان .

کەناڵە ئاسمانییەکان: ئەو کەناڵانە دەگرێتەوە کە لە ناوخۆی سنووری جوگرافیی عێراقەوە لە پەخشکردنو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا پشت بە هونەری ئینفۆگرافیک دەبەستن، دیارترینیان (کوردستان٢٤)و (ئەلسومەرییە) کە سامپڵی ئەم توێژینەوەیەن .

خستنەڕووی ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە

خشتەی (١): دابەشبوونی ئینفۆگرافیکی هەردوو ماڵپەڕ بەپێی مانگەکان

ماڵپەر / مانگ	Kurdistan24		Alsumaria	
	دووبارە	٪	دووبارە	٪
حوزەیران	١١	٪٣٣.٣	١١	٪٢١.١
تەمموز	٩	٪٢٧.٢	٢٥	٪٤٨.١
ئاب	١٣	٪٣٩.٣	١٦	٪٣٠.٧

پەیوەست بە دابەشبوونی ژمارەی ئینفۆگرافیک لە هەرسێ مانگی سامپڵی توێژینەوەکەدا، هەروەک لە خشتەی ژمارە (١)دا دیارە، هەردوو ماڵپەرەکە جیاوازنو ناهاوسەنگییەکی بەرچاویش هەیە لە ژمارەو ڕێژەکانیاندا. زۆرترین ئینفۆگرافیکی ماڵپەری (Kurdistan24) لە مانگی ئابدا بووە کە (١٣) دانە بووە لەکۆی (٣٣) ئینفۆگرافیک بە ڕێژەی (٣٩.٣%)ی کۆی ئینفۆگرافیکی هەرسێ مانگەکە. پاشان مانگی حوزەیران (١١) دانە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٣٣.٣%). مانگی تەموزیش ڕێژەکە کەمتر بووە لەچاو هەردوو مانگەکەی تردا کە (٢٧.٢%). ئەمە لە ماڵپەری کەناڵی(Alsumaria) دا پێچەوانەیەو بەدیاریکراویش لە مانگی تەممموزدا زۆرترین ئینفۆگرافیک بڵاوکراوەتەوە کە (٢٥) دانەیە لەکۆی (٥٢) دانە بەڕێژەی (٤٨.١%). پاشان مانگی ئاب بەپلەی دووەم دێت کە (١٦) دانەی تێدا بڵاوکراوەتەوەو ڕێژەکەی دەکاتە (٣٠.٧%). مانگی حوزەیرانیش لەپلەی کۆتاییدا هاتووە بە (١١) ئینفۆگرافیکو ڕێژەی (٢١.١%). ئەو داتایانە دەریدەخەن کە هیچ هاوسەنگییەک نیە لە ڕێژەی ئینفۆگرافیکی دوو ماڵپەرەکە لەو سێ مانگەدا. هیچ هۆکارێکی ڕوونیش لەبەردەستدا نیە سەبارەت بەو جیاوازیو ناهاوسەنگییە. ئەوەی لەبەرچاوە ئەوەیە کە ماڵپەری (Alsumaria) لە حەوتەمین ڕۆژی مانگی حوزەیرانەوە دەستیکردووە بە بڵاوکردنەوەی ئینفۆگرافیک، بۆیە ڕەنگە کەمیی ژمارەکە لەو مانگەدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەفتەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام مانگەکانی دیکە هاشێوە نین. هەر بەگوێرەی داتاکان کە بەردەستی توێژەر کەوتوون، چەند جارێک لە ڕۆژێکدا ماڵپەری کەناڵی (Alsumaria) پێنج دانە ئینفۆگرافیکی بڵاوکردووەتەوە، هەندێک ڕۆژیش هیچ بەرهەمێکی ئینفۆگرافیکی نەبووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ماڵپەری (Kurdistan24) نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ڕێکخراوی ڕۆژانە درێژە بە بڵاوکردنەوەی ئینفۆگرافیک بدات. بۆیە ناوبەناو ئینفۆگرافیکی بڵاوکردووەتەوە. پێدەچێت هیچکام لە دوو ماڵپەرەکە پلانی ڕۆژانەیان نەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئینفۆگرافیک، بۆیە بەرهەمهێنانەکە بەپێی ڕووداوەکانو دەستکەوتنی داتاو زانیارییەکان بووە، نەک وەکو پلانێکی ڕێکخراوی ڕۆژانە.

خشتەی ژمارە (٢): ئەو بوارانەی کە لەچوارچێوەی ئینفۆگرافیکدا خراونەتەڕوو

ماڵپەر / بوار	Kurdistan24		Alsumaria	
	دووبارە	٪	دووبارە	٪
سیاسی	٣	٪٠٩.٠٩	٤	٪٧.٦
ئابووری	١٠	٪٣٠.٣٠	١	٪١.٩
کۆمەڵایەتی	٠	٠	٠	٠
ئاینی	٠	٠	٠	٠
وەرزشی	٠	٠	٠	٠
تەندروستی	٠	٪١٢.١٢	٣٦	٪٦٩.٢
سەربازی+ئەمنی	٨	٪٢٤.٢٤	٦	٪١١.٥
زانستی	٠	٠	٠	٠
کلتوور	٠	٠	١	٪١.٩
مرۆیی	٣	٪٠٩.٠٩	٢	٪٣.٨

ژینگە	٣	٪٠٩.٠٩	١	٪١.٩
خزمەتگوزاری	٢	٪٠٦.٠٦	١	٪١.٩

ئەو بوارانەی کە لە ئینفۆگرافیکی هەردوو ماڵپەڕەکەی بۆ تەرخان کراوە، چوونیەك نینو جیاوازن. هەروەك خشتەی ژمارە (٢) نیشانی دەدات، ماڵپەری کەناڵی (Kurdistan24) زۆرترین ئینفۆگرافیکی لە بواری ئابووریدا پێشکەش کردووە کە (١٠) دانەیە بە ڕێژەی (٣٠.٣٠%). پاشان بابەتە سەربازیو ئەمنییەکان بە ڕێژەی (٢٤.٢٤%). هەرچی بواری تەندروستییە لەماوەی هەرسێ مانگەکەدا تەنها (٤) ئینفۆگرافیکی بۆ تەرخان کراوە بە ڕێژەی (١٢.١٢%). ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی ئینفۆگرافیکەکانی ماڵپەری کەناڵی (Alsumaria) تایبەت بوون بە بواری تەندروستی کە (٣٦) دانەیە لەکۆی (٥٢) دانە ئینفۆگرافیکی ماڵپەرەکە لەماوەی سێ مانگدا، ڕێژەکەشی دەکاتە (٦٩.٢%). هەڵبەت تەواوی ئەو ئینفۆگرافیکانەی ماڵپەری (Alsumaria)تایبەت بوون بە ڤاکسینو ئامارەکانی کۆڤید١٩ لە عیراق و ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکە. ئەوەش دەریدەخات کە کەناڵەکە بایەخێکی بەرچاوی داوە بەو پەتا جیهانییەو زۆرترین ئینفۆگرافیکی بەرهەم هێناوە لەو بارەیەوە. بەڵام ڕوون نیە بۆچی ماڵپەری (Kurdistan24) کەمترین بایەخی بەو پەتایە داوە لەکاتێکدا ئەو پەتایە هەرێمی کوردستانو خەڵکی کوردزمانیش لێی بێبەش نەبوون. دژبەکییەکی دیکە لە ڕادەی بایەخی ماڵپەری (Kurdistan24) بە بواری ئەمنیو سەربازیدایە کە ڕێژەکەی (٢٤.٢٤%)ەو زیاترە لە ڕادەی بایەخپێدانی ماڵپەرەکەی کەناڵی (Alsumaria) کە ڕێژەکەی تەنها (١١.٥%)ە. ئەمە لەکاتێکدایە کە وەرگری کەناڵە کوردییەکە کەمترین کێشەی ئەمنیو سەربازیی هەیە لەچاو وەرگری کەناڵە عەرەبییەکەدا. هەروەها سەرباری قووڵیی ململانێو کێشە سیاسییەکان لە عیراقو کوردستاندا، کەمترین بایەخیان داوە بە بابەتە سیاسییەکان. ئەوەتا ئینفۆگرافیکی سیاسی لە ماڵپەری کەناڵە کوردییەکەدا ڕێژەکەی (٠٩.٠٩%)و لە کەناڵە عەرەبییەکەش تەنها (٧.٦%)یە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی هەردوو ماڵپەرەکە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك لەڕێی ئینفۆگرافیکەوە بایەخیان نەداوە بە بوارەکانی (کۆمەلایەتی، ئاینی، وەرزشی، زانستی، کلتوور).

خشتەی ژمارە (٣): بونیادی ئینفۆگرافیك لە هەردوو ماڵپەردا

ماڵپەڕ / بونیاد	Kurdistan24		Alsumaria	
	دووبارە	%	دووبارە	%
وەستاو/ جێگیر	٠	٠	٠	٠
ڤیدیۆیی	٣٣	٪١٠٠	52	٪١٠٠
کارلێکی	٠	٠	٠	٠

وەك لە خشتەی ژمارە (٣)دا هاتووە، ماڵپەری هەردوو کەناڵەکە لەوەدا چوونیەکن کە بونیادی ئینفۆگرافیکیان تەنها یەك جۆرە، ئەویش ئینفۆگرافیکی ڤیدیۆییە. هەردوو ماڵپەر بە ڕێژەی (١٠٠%) بەشێوەی ڤیدیۆیی ئینفۆگرافیکیان بەرهەم هێناوەو پێشکەشیان کردووە. جیاوازییەك کە لەنێوان هەردوو کەناڵەکەدا بەدی دەکرێت، شێوازی پێشکەشکردنی ئینفۆگرافیکەکەیە، لە کەناڵی(Kurdistan24) دا بێژەر بە دەنگوڕەنگەوە لەنێو ستۆدیۆدا بە شێوەی (ڤیدیۆ واڵ) ئینفۆگرافیکەکە پێشکەش دەکات، بەڵام لە کەناڵی(Alsumaria) دا ڤیدیۆگرافیکەکە وەکو بابەتێکی سەربەخۆو بەبێ بەشداریی ڕاستەوخۆی بێژەر پێشکەش کراوە. خاڵێکی هاوبەش دیکەشیان ئەوەیە کە هیچکامیان شێوازی ئینفۆگرافیکی (جێگیرو کارلێکی)یان بەکارنەهێناوە. پێدەچێت هۆکاری پشتگوێخستن، یان بەکارنەهێنانی ئینفۆگرافیکی جێگیر لە هەردوو ماڵپەرەکەدا ئەوە بێت کە ئەرکیان تەنها بڵاوکردنەوەیان ئەو ئینفۆگرافیکانەیە کە لەلایەن کەناڵەکەوە دروستو بڵاودەکرێنەوە، نەك دروستکردنی ئینفۆگرافیکی جێگیر کە سروشتێکی تایبەتی هەیەو لەگەڵ کاری تەلەفزیۆنیدا یەك ناگرێتەوە، بەڵکو زیاتر بۆ ڕۆژنامەی کاغەزیو ماڵپەرەکان لەبارە. هەرچی پەیوەستە بە ئینفۆگرافیکی کارلێکییەوە، توێژەر پشتگوێخستنی دەگەڕێنیتەوە بۆ ئەوەی کە بەرهەمهێنانی ئەو چەشنەی ئینفۆگرافیك پێویستی بە تەکنیکی بەرزو شارەزاییو کادرو کاتو دارایی زیاترەو ڕەنگە فەراهەمکردنی کۆی ئەو سەرچاوانە لە توانای ئەو کەناڵانەدا نەبێت.

خشتەی ژمارە (٤): ڕەگەزە بونیادییە بینراوەکان لە هەردوو ماڵپەڕدا

ماڵپەڕ / ڕەگەزە بینراوەکان	Kurdistan24		Alsumaria	
	دووبارە	%	دووبارە	%
فۆتۆ	٣٣	٪١٠٠	٥٢	٪١٠٠
ڤیدیۆ	٠	٠	٠	٠
تەختەڕەنگ	٣٣	٪١٠٠	٥٢	٪١٠٠
وێنەی خشتە	٢	٪٦.٠٦	٠	٠
نەخشە	٤	٪١٢.١	٠	٠
لۆگۆ	٥	٪١٥.١	٠	٠
ئاڵا	٢	٪٦.٠٦	٠	٠
هێما	١١	٪٣٣.٣	٣٦	٪٦٩.٢

وەك لە داتاکانی خشتەی ژمارە (٤)دا ڕوون بووەتەوە، هیچکام لە دوو ماڵپەرەکە نەیانتوانیوە تەواوی ڕەگەزە بینراوەکان بەکاربهێنن لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا. ماڵپەری کەناڵی (Kurdistan24) لەکۆی هەشت ڕەگەزە بینراوەکەی نێو خشتەکەدا، لە زۆربەی ئینفۆگرافیکەکانیدا پشتی بە (٧) ڕەگەز بەستووە، ئەمە لەکاتێدایە کە ماڵپەری (Alsumaria) تەنها سێ ڕەگەزی بەکارهێناوە. هەردوولا بە ڕێژەی (١٠٠%) لە هەندێك ڕەگەزدا هاوبەشو وەکویەك پشتیان پێ بەستوون کە بریتین لە هەردوو ڕەگەزی (فۆتۆ)و (تەختەڕەنگ).

فۆتۆ: هەردوو ماڵپەرەکە چونیەکن لە بەکارهێنانی ڕەگەزی فۆتۆ لە بونیادی ئینفۆگرافیکەکانیاندا. کەناڵە کوردییەکە بە ڕێژەی (١٠٠%) زیاد لە فۆتۆیەکی بەکارهێناوە. ماڵپەرە عەرەبییەکەش هەر بە ڕێژەی (١٠٠%) پشتی بە فۆتۆ بەستووە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی لە بونیادنانی ئینفۆگرافیکدا، لە هەندێکیاندا زیاتر لە چوار فۆتۆی بەکارهێناوە .

ڤیدیۆ: ڕادەی بایەخدانی ماڵپەری هەردوو ماڵپەر بە ڕەگەزی ڤیدیۆ لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا یەکسانە بە سفر. ئەمە خاڵێکی لاوازی ئینفۆگرافیکی هەردوو ماڵپەرەکەیە لەکاتێکدا هەردووکیان تەنها ئینفۆگرافیکی ڤیدیۆییان بەکارهێناوە، کەچی ڤیدیۆیان تێدا نیە وەك

ڕەگەزێکی بونیادیی. ئەگەرچی ڕەگەزی ڤیدیۆ زیندوویەتیو جووڵەی زیاتر بە بەرهەمەکە دەدات، بەڵام هەردوو کەناڵەکە بەتەواوەتی ئەمەیان پشتگوێ خستووەو فۆتۆیان وەك ئەلتەرناتیڤێکی ئاسانو بەردەست بەکارهێناوە.

تەختەڕەنگ: ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە لە بایەخدان بەم ڕەگەزە بینراوەش چونیەکن. هەردوولا (١٠٠%) لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا پشتیان بە تەختەڕەنگی خشتەیی بەستووەو وەکو ڕەگەزی هەرە سەرەکی لە بەرهەمەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هیچ ئینفۆگرافیکێکی دوو کەناڵەکە نیە پشتی بەم ڕەگەزە بینراوە نەبەستبێت. ئەوەی هەردووکیان لێکدی جیادەکاتەوە، تەنها ڕەنگی تەختەکانە. کەناڵە کوردییەکە ڕەنگی قاوەییو سپیو زەردی بەکارهێناوە، کەناڵە عەرەبییەکەش سوورو سپی .

چارتو خشتە: ئەگەرچی بەهۆی فرەیی پرۆگرامەکانی دیزاینەوە ئێستا لە میدیای جیهانیدا زۆرترین بایەخ بە چارتو خشتەکان دەدرێت، بەڵام ڕادەی بایەخدانی کەناڵە کوردییەکە بەم ڕەگەزە لەئاستێکی نزمدایەو لەکۆی (٣٣) ئینفۆگرافیك، تەنها لە دوو دانەیاندا پشتی پێ بەستووە بە ڕێژەی (٦.٠٦%). ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی بابەتەکانی کەناڵەکە (٣٠.٠٣%) بابەتی ئابووریو وا باوە لە شیکاریو خستنەڕووی داتاو وردەکارییە ئابوورییەکاندا زیاتر پشت بە چارتو خشتەکان دەبەسترێت. هەرچی کەناڵە عەرەبییەکەشە ڕەگەزی چارتو خشتەکان لە بونیادی ئینفۆگرافیکەکانیدا یەکسانە بە سفر .

نەخشە: ماڵپەڕی کەناڵی (Kurdistan24) لەچاو کەناڵی(Alsumaria) دا بایەخی زیاتری داوە بە نەخشە لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا، ئەگەرچی ڕێژەکە کەمە بەراورد بە کۆی ژمارەو ناوەڕۆکی ئینفۆگرافیکەکانی کەناڵەکە، چونکە لە تەنها (٤) دانەیاندا پشتی بەم ڕەگەزە بەستووە بە ڕێژەی (١٢.١%). هەرچی ماڵپەڕی کەناڵە عەرەبییەکەشە هاوشانی چارتو خشتەکان، ڕەگەزی نەخشەشی بەتەواوەتی پشتگوێ خستووەو ڕێژەی بەکارهێنانی یەکسانە بە سفر. ئەم پشتگوێخستنە کەلێنێکی گەورەی لە بونیادی ئینفۆگرافیکی هەردوو کەناڵدا دروستکردووە، چونکە نەخشەش یەکێکە لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی هونەری ئینفۆگرافیك کە ئاسانکاریی گەورە دەکات بۆ گەیاندنی پوختەی زانیارییەکانو هەروەها خێرایی تێگەیشتنی وەرگر لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە .

لۆگۆ: یەکێکی دیکەیە لە ڕەگەزە بینراوەکان کە ماڵپەڕە کوردییەکە فەرامۆشی نەکردووەو لە بونیادی (٥) ئینفۆگرافیکدا بەکاری هێناوە بە ڕێژەی (١٥.١%)ی کۆی بەرهەمەکانی ئینفۆگرافیکی ماڵپەڕەکە. بایەخبەندیی ئەم ڕەگەزە بونیادییە لە ماڵپەڕە کوردییەکەدا پلەی چوارەمی گرتووە. ئەو پلەیەش تاڕادەیەك ئاساییە بە لەبەرچاوگرتنی سروشتو تایبەتمەندیی ئەو بوارانەی کە ئینفۆگرافیکی کەناڵەکەی بۆ تەرخان کراوە. سەبارەت بە ماڵپەڕە عەرەبییەکەش دیسان ئەم ڕەگەزەی تەواو پشتگوێ خستووە .

ئاڵا: بۆشایی ئەم ڕەگەزە بەزەقی هەستی پێدەکرێت لە بونیادی ئینفۆگرافیکی ماڵپەڕە عەرەبییەکەدا، چونکە لەکۆی هەر (٥٢) ئینفۆگرافیکەکە هیچ ئاڵایەکی وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆ بەکارنەهێناوە. ئەمەش دیسان کەموکوڕییەکی کاریگەرە لەسەر فۆرمو ناوەڕۆكو سانایی گەیاندنی پەیامەکانی کەناڵەکە لەڕێی هونەری ئینفۆگرافیکەوە. هەرچی ماڵپەڕی کەناڵی کوردییەکەشە بایەخێکی کەمی داوە بەم ڕەگەزە بونیادییە بینراوە. هەرچەندە تایبەتمەندیو ناوەڕۆکی بەشێك لە ئینفۆگرافیکەکان وا دەخوازێت پشت بە ئاڵا نەبەستێت، بەڵام بەکارهێنانی ئەم ڕەگەزە بینراوە لە تەنها (٢) ئینفۆگرافیکدا برێکی کەمە کە ڕێژەکەی دەکاتە تەنها (٦.٠٦%)ی کۆی ئینفۆگرافیکی ماڵپەڕەکە لەماوەی سێ مانگدا .

هێما: تاکە ڕەگەزی بینراوە کە ماڵپەڕە عەرەبییەکە زیاتر لە کەناڵە کوردییەکە لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا بەکاری هێناوە. لەمەدا (Alsumaria) پێش (Kurdistan24) کەوتووە بە (٣٦) دانە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٦٩.٢%)ی کۆی ئینفۆگرافیکەکانی. تەواوی ئەو هێمایانەش تایبەتن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە کەناڵەکە لەچاو بوارەکانی دیکەدا زۆرترین بایەخی پێداوەو پلەی یەکەمی بایەخبەندیی کەناڵەکەی گرتووە. هەرچی کەناڵە کوردییەکەیە ڕادەی بایەخدانی بە (هێما) لە پلەی سێیەمدا دێت لە ڕیزبەندیی ئەو بوارانەی کە وەك ڕەگەزێك لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا پشتی پێ بەستوون، ئەویش لەدوای هەردوو ڕەگەزی فۆتۆو تەختەڕەنگ هاتووە بە (١١) دانەو ڕێژەی (٣٣.٣%).

خشتەی ژمارە (٥): ڕەگەزە بونیادییە نوسراوەکان لە هەردوو ماڵپەڕدا

ماڵپەڕ / ڕەگەزە نوسراوەکان	Kurdistan24		Alsumaria	
	دووبارە	٪	دووبارە	٪
تێکست	٣٣	١٠٠٪	٥٢	١٠٠٪
ژمارە	٣٣	١٠٠٪	٣٩	٧٥٪
ڕێژە	١٦	٤٨.٤٪	٠	٠
ساڵو بەروار	١٩	٥٧.٥٪	٤١	٧٨.٨٪

داتاکانی خشتەی ژمارە (٥) کە تایبەتە بە ڕەگەزە بونیادییە نوسراوەکانی ئینفۆگرافیك لە هەردوو ماڵپەڕەکەدا، دەریدەخەن کە کەناڵە کوردییەکە هیچکام لەو ڕەگەزانەی پشتگوێ نەخستووە لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا، کەناڵە عەرەبییەکەش لەکۆی چوار ڕەگەز سێیانی بەکارهێناوە .

تێکست: هەردوو ماڵپەڕ لەوەدا چونیەکن کە لە هەموو بەرهەمەکانی ئینفۆگرافیکدا تێکستیان بەکارهێناوەو هیچیان بەبێ تێکست بەرهەم نەهێناوە. ئەوەش دەکاتە ڕێژەی (١٠٠%) بۆ هەر کەناڵێك .

ژمارە: کەناڵە کوردییەکە دیسان (١٠٠%) ژمارەی بەکارهێناوە، بەڵام کەناڵە عەرەبییەکە بە بەکارهێنانی ژمارە لە (٣٩) ئینفۆگرافیکدا بە ڕێژەی (٧٥%) بایەخی بەو ڕەگەزە داوە، زۆرینەی ڕەهای ئەو ڕێژەیەش لەو ئینفۆگرافیکانەدا بەکارهاتوون کە تایبەت بوون بە ئاماری ڕۆژانەی کۆرۆنا لە عێراقدا .

ڕێژە سەدییەکان: کاتێك دەچیتە سەر ڕادەی بایەخدانی کەناڵە عەرەبییەکە بە ڕەگەزی (ڕێژە سەدییەکان) هەست بە کەلێنێکی گەورەو هەڵەیەکی گەورە دەکەیت، چونکە بەهیچ شێوەیەك پشتی بەم ڕەگەزە نەبەستووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە (٣٩) ئینفۆگرافیکدا ئامارو داتای بڵاوکردووەتەوەو (٣٦) دانەیان سەبارەت بە ئاماری توشبووانی کۆرۆنا بوون. ئەمە نیشانی دەدات کە بونیادی ئینفۆگرافیك لەو کەناڵەدا تەنها وەکو زانیارییەکی سادەی ڕۆژانە بووە، نەك لێکدانەوەو بەراوردو دۆزینەوەی ڕێژەی سەدیی کەمبوونەوەو زیادبوونی توشبوون بە پەتاکە. بەڵام کەناڵە کوردییەکەیە بایەخێکی

بەرچاوی بەم ڕەگەزە نوسراوە داوە لەڕێی (١٦) ئینفۆگرافیکەوە پشتی بە (ڕێژە سەدییەکان) بەستووە، کە دەکاتە (٤٨.٤%)ی کۆی ئینفۆگرافیکەکانی لەماوەی سێ مانگی سامپڵی توێژینەوەکەدا.

ساڵوبەروار: هەردوو ماڵپەر بایەخی بەرچاویان بە ساڵوبەروار داوە وەك ڕەگەزێکی نوسراو لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا. ماڵپەری کەناڵی (Alsumaria) لەچاو ماڵپەری کەناڵە کوردییەکەدا بایەخی زیاتری بەم ڕەگەزە داوە. ئەم بایەخبەندییە لە (٤١) بەرهەمدا بەدیدەکرێت کە ڕێژەکەی دەکاتە (٧٨.٨%). هەڵبەتە زۆرترینی ئەم ڕەگەزەش دیسان لەو گرافیکانەدا بەکارهاتوون کە تایبەت بوون بە داتاکانی کۆرۆنا. هەرچی کەناڵە کوردییەکەشە لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا بایەخێکی بەرچاوی داوە بەم ڕەگەزە نوسراوەو لە (١٩) بەرهەمدا پشتی پێ بەستووە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٥٧.٥ %).

خشتەی ژمارە (٦): ڕەگەزە بونیادییە بیستراوەکان لە هەردوو ماڵپەردا

ماڵپەر / ڕەگەزە بیستراوەکان	Kurdistan24		Alsumaria	
	دووبارە	٪	دووبارە	٪
دەنگی بێژەر	٣٣	٪١٠٠	٢	٪٣.٨
میوزیك	٠	٠	٥٠	٪٩٦.١٥
کارتێکەری دەنگیی	٠	٠	٠	٠
لێدوان	٠	٠	٠	٠

بە وردبوونەوە لە داتاکانی خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت کە هەردوو ماڵپەرەکە لەڕووی بایەخدان بە ڕەگەزە دەنگییە بیستراوەکانەوە پێکەوە خاڵی هاوبەشو ناچونیەکیان هەیە. لە نیوەی ڕەگەزەکاندا هاوبەشنو لە نیوەکەی دیکەدا جیاوازو ناچونیەکن .

دەنگی بێژەر: ماڵپەری (Kurdistan24) لە تەواوی ئینفۆگرافیکەکانیدا دەنگی بێژەری وەك ڕەگەزێکی سەرەکیی بیستراو بەکارهێناوە. واتە بە ڕێژەی (١٠٠%) ئەو ڕەگەزەی بەکارهێناوە. کەناڵەکە بەشێوەیەکی زیندوو لەنێو ستۆدیۆدا دەنگوڕەنگی بێژەری خستووەتە سەر ئینفۆگرافیکەکە کە ئەمەی دواییان پێشتر ئامادە کراوەو لەڕێی ڤیدیۆ واڵ(Video wall)ەوە پێشکەش کراوە. هەرچی کەناڵە عەرەبییەکەیە کەمترین بایەخی بە دەنگی بێژەر داوە. لەکۆی (٥٢) دانە ئینفۆگرافیك کە وەك بابەتێکی سەربەخۆ پێشکەشی کردوون، تەنها لە دوو دانەیاندا دەنگی بێژەری وەکو ڕەگەزی بیستراو بەکارهێناوە. لە بونیادی ئینفۆگرافیکی ئەم کەناڵەدا ڕەگەزی میوزیك جێگەی دەنگی بێژەری گرتووەتەوە .

میوزیك: کەناڵە عەرەبییەکە زۆرترین بایەخی بەم ڕەگەزە بیستراوە داوە، بەجۆرێك لە (٩٦.١٥%)ی ئینفۆگرافیکەکانیدا پشتی بەم ڕەگەزە بەستووە. لەم کەناڵەدا میوزیك وەك جێگرەوەی دەنگی بێژەر زۆرترین بایەخی پێدراوە، هەرچەندە ئەوانە دوو ڕەگەزی بیستراوی جیاوازن لە بونیادی ئینفۆگرافیکداو هەریەکەش ئەرکو کاریگەریی خۆیان هەیە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ماڵپەرە کوردییەکە بەتەواوەتی ئەم ڕەگەزەی پشتگوێ خستووەو بەهیچ شێوەیەك بەکاری نەهێناوە .

لێدوانو کارتێکەرە دەنگییەکان: ئەگەرچی ئەمانەش دوو ڕەگەزی کاریگەرن لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا، بەڵام هیچکام لە دوو ماڵپەرەکە پشتیان پێ نەبەستوون. ئەوەش کەلێنێکی هاوبەشی بونیادی ئینفۆگرافیکە لە هەردوو ماڵپەرەکەدا .

پوختەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1-هیچکام لە دوو ماڵپەرەکە بەپێی پلان کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی ئینفۆگرافیك نەکردووەو بەگوێرەی ڕووداوەکانو دەستکەوتنی داتاو زانیارییەکان کاریان کردووە، نەك وەکو پلانێکی ڕێکخراوی ڕۆژانە، ئەوەتا ماڵپەری (ئەلسومەریە) هەندێك ڕۆژ (٥) بەرهەمی هەبووەو هەندێك ڕۆژیش هیچی بڵاونەکردووەتەوە. ماڵپەری (کوردستان٢٤)یش ناوبەناو ئینفۆگرافیکی بڵاوکردووەتەوە .

2-زۆرترین بایەخی ماڵپەری (کوردستان٢٤) بۆ بواری ئابووری بووە، بەڵام زۆرینەی ئینفۆگرافیکەکانی ماڵپەری (ئەلسومەریە) تایبەت بوون بە بواری تەندروستی کە زۆربەیان تایبەت بوون بە (کۆرۆنا). دژیەکییەکیك لەمەدا هەیە، لەکاتێکدا بینەری کەناڵە کوردییەکە گرفتی ئەمنی نیە، کەچی لە ماڵپەرە عێراقییەکە زیاتر بایەخی بەو بابەتانە داوە.

3-هەردوو ماڵپەر بەڕێژەی (١٠٠%) ڤیدیۆگرافیکیان بەرهەم هێناوەو پێشکەشیان کردووە. جیاوازیی نێوانیان لە شێوازی پێشکەشکردنیدایە، لە کەناڵی(Kurdistan24) دا بێژەر بە دەنگوڕەنگەوە لەنێو ستۆدیۆدا بە شێوەی (ڤیدیۆ واڵ) ئینفۆگرافیکەکە پێشکەش دەکات، بەڵام لە(Alsumaria) دا وەك بابەتێکی سەربەخۆو بەبێ بەشداریی ڕاستەوخۆی بێژەر پێشکەش کراوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە هیچکامیان شێوازی ئینفۆگرافیکی (جێگیرو کارلێکی)یان بەکارنەهێناوە.

4-هیچکام لە دوو ماڵپەرەکە نەیانتوانیوە تەواوی ڕەگەزە بینراوەکان بەکاربهێنن لە بونیادی ئینفۆگرافیکدا. ئەوەی کە هەردوولا بە ڕێژەی (١٠٠%) پشتیان پێی بەستووە تەنها (فۆتۆ)و (تەختەڕەنگ)ە.

5-خاڵێکی لاوازی ئینفۆگرافیکی هەردوو ماڵپەرەکە ئەوەیە کە هیچیان پشتیان بە ڤیدیۆ نەبەستووە لە دروستکردنی ئینفۆگرافیکدا. هەردوو ماڵپەر فۆتۆیان وەك ئەلتەرناتیڤێکی ئاسانو بەردەست بەکارهێناوە.

6-هیچ ئینفۆگرافیکێکی دوو کەناڵەکە نیە کە پشتی بە ڕەگەزی تەختەڕەنگ نەبەستبێت. ئەوەی هەردووکیان لێکدی جیادەکاتەوە، تەنها ڕەنگی تەختەکانە. کەناڵە کوردییەکە (قاوەیی و سپی و زەرد)، کەناڵە عەرەبییەکەش (ڕەنگی سووروو سپی).

7-ئەگەرچی سەردەمی چارتو خشتەکانە، بەڵام ڕادەی بایەخدانی کەناڵە کوردییەکە بەم ڕەگەزە لەئاستێکی ئێکجار نزمدایە بەڕێژەی تەنها (٦٠.٠٦%). ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆرینەی بابەتەکانی بە ڕێژەی (٣٠.٠٣%) بابەتی ئابوورینو وا باوشە کە لە شیکاریو خستنەڕووی داتاو وردەکارییە ئابوورییەکاندا زیاتر پشت بە چارتو خشتەکان دەبەسترێت. ئەم ڕەگەزە لە ماڵپەرە عەرەبییەکەدا یەکسانە بە سفر .

8-پشتگوێخستنی نەخشە، کەلێنێکی گەورەی لە بونیادی ئینفۆگرافیکی هەردوو کەناڵەکەدا دروستکردووە. ماڵپەرە عەرەبییەکە هیچ نەخشەیەکی بەکارنەهێناوە، ماڵپەرە کوردییەکەش تەنها بەڕێژەی (١٢.١%) بایەخی پێداوە .

9-بۆشایی ڕەگەزی (ئاڵا) بەزەقی هەستی پێدەکرێت لە بونیادی ئینفۆگرافیکی کەناڵە عەرەبییەکەدا کە هیچ ئاڵایەکی بەکارنەهێناوە. ماڵپەرە کوردییەکەش

بايەخێكی كەمی داوە بەم ڕەگەزە بونيادييە بينراوە بە ڕێژەی (٠٦.٦%). بەڵام هەردوو ماڵپەر بايەخی بەرچاويان داوە بە ڕەگەزە بونيادييە نوسراوەكان، جگە لە ڕەگەزی (ڕێژە سەدييەكان) كە ماڵپەرە عەرەبييەكە بەهيچ شێوەيەك پشتی پێ نەبەستووە.

1 ٠-كەناڵە عەرەبييەكە زۆرترين بايەخی بە ڕەگەزی ميوزيك داوە بە ڕێژەی (%٩٦.١٥) كە وەك جێگرەوەی دەنگی بێژەر. ماڵپەرە كوردييەكەش بەتەواوەتی ئەم ڕەگەزەی پشتگوێ خستووە. هەروەها هەردوو ماڵپەر ڕەگەزەكانی (لێدوانو كارتێكەرە دەنگييەكان)يان پشتگوێخستووە.

پێشنيارو ڕاسپاردەكان:

-بايەخدان بە هونەری ئينفۆگرافيك لە كەناڵە ميديايييەكاندا كە وەك هونەرێكی هاوچەرخ ئاسانكاری بكات بۆ گەياندنی زانيارييەكان لە كەمترين ماوەو پانتاييدا .

-لە بەرهەمهێنانی ئينفۆگرافيكدا بايەخ بە تەواوی ڕەگەزە بونيادييەكان بدرێت بەجۆرێك كە هيچكاميان پشتگوێ نەخرێت، چونكە هەريەكەو ڕۆڵو كاريگەری خۆی هەيەو هيچ ڕەگەزێك نابێتە جێگرەوەی ئەوانی ديكە.

-كەناڵەكانی ميديا كاربكەن بۆ پێگەياندنی كادری شارەزا لەبواری ديزاينو بەرهەمهێنانی ئينفۆگرافيك بەپێی پلانی ڕۆژانە، نەك لەسەر بنەمای ميزاجو پێشهات .

-توێژەران بايەخی زياتر بەم هونەرە بدەن لەڕێی توێژينەوە لەسەر: (ڕادەی بايەخدانی كەناڵەكانی ميديا بە هونەری ئينفۆگرافيك)، (ئاستەنگەكانی بەردەم بەرهەمهێنانی ئينفۆگرافيك لە كەناڵەكانی ميديادا)، (كاريگەری ئينفۆگرافيك لەسەرگەياندنی پەيامو ئاسانكاری تێگەيشتن لای وەرگر).

(*)ليستی ناوی هەڵسەنگێنەران:

-1پ.د.حكيم عوسمان حميد: زانكۆی پۆليتەكنيكی سلێمانی.

-2پ.ی.د. احمد حمە غريب: زانكۆی گەشەپێدانی مرۆيی.

-3پ.ی.د. شێركۆ جبار محمد: زانكۆی پۆليتەكنيكی سلێمانی.

-4پ.ی.د. هێمن مجيد: زانكۆی سلێمانی.

-5م.د. هەتاو حمە صالح: زانكۆی هەڵەبجە.

پەراوێزەكان:

1. Mai A.Y. Mahmoud: THE USE OF INFOGRAPHIC VIDEOSON THE PAGES OF SATELLITE NEWS CHANNELS VIA FACEBOOK: THE BBC ARABIC PAGE IS AN EXAMPL, **Journal of Archaeology of Egypt/ Egyptology**, 18 (03) (2021).

٢. مناف حسن الخالد وسعد سلمان المشهداني: مضامين الانفوجرافيك في الصحافة السعودية، **مجلة اداب الفراهيدي**، كلية الاداب- جامعة تكريت، (مج١٣، ع٤٧: ايلول ٢٠٢١).

3. Ahmed Adel Abd El Fattah Mohamed: Awebsite based on Infographic for Developing Students' Reading Comprehension of Economic Issues**, International Journal of Engineering Research & Technology (IJERT)**, ISSN: 2278-0181, Vol. 9 Issue 02, February-2020.

٤. ريهام درويش: دلالات توظيف الانفوجرافيك في تغطية القضايا الدولية، **مجلة البحوث والدراسات الاعلامية** (ع١٣: ٢٠٢٠)، المعهد الدولى العالي للاعلام، القاهرة.

٥. (١) بيرق حسين جمعة الربيعي، عبد الامير مويت الفيصل: التوظيف الصحفي للانفوجرافيك في المواقع الاخبارية، **مجلة الباحث الاعلامي** (ع٤٣، كانون الثانى-شباط- اذار ٢٠١٩).

٦. (١) هانى ابراهيم احمد البطل: انقرائية الانفوجرافيك في المواقع الصحفية المصرية لدى الشباب الجامي، **مجلة البحوث الاعلامية**، جامعة الازهر، (ع٥١، ج١: يناير ٢٠١٩).

7. Puspita Sari Sukardani & Vinda Maya Setianingrum: Visual Storytelling of Infographic Design in News Media, Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 3803rd **Social Sciences, Humanities, and Education Conference (SoSHEC 2019).**

٨. جواد راغب الدلو: الانفوجرافيك في الصحافة الفلسطينية، **مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات الانسانية**، ISSN 2410-3179، Vol 62, No 6, 6102

٩. عبير محمد سليم لبد: استخدام المواقع الالكترونية الفلسطينية للانفوجرافيك، **المجلة الفلسطينية للتعليم المفتوح والتعليم الالكترونى**، (مج٦، ع١٢: كانون ثاني ٢٠١٨).

١٠. مروة عطية محمد: تأثير استخدام رسوم الانفوجرافيك في تذكر وفهم القراء لمضمون القصص الاخبارية المنشورة على الانترنت، **المجلة العربية لبحوث الاعلام والاتصال**، (ع٢٢: يوليو-سبتمبر ٢٠١٨).

11. Nur Cemelelioğlu Altin: Use of Interactive Infographics in News Sites, **Scholars Journal of Arts, Humanities and Social Sciences**, . 2017; 5(11C): p1750

١٢. محمود شلتوت: فن الانفوجرافيك بين التشويق والتحفيز على التعلم، موقع **(edutrapedia.com)**: تاريخ آخر تحديث (٢٠١٩/١٠/٢٤)، تاريخ الزيارة (٢٠٢٢/١/١٨).

١٣. على عبد الرحمن محمد: أثر انماط تقديم الانفوجرافيك التعليمي على تنمية مفاهيم المواطنة الرقمية لدى الطلاب، **مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية**، (مج١٤، ج٣، يوليو٢٠٢٠)ص٥٠٤.

١٤. عبير عبيد ابو عربيان: فاعلية توظيف الانفوجرافيك في تنمية مهارات حل المسألة الوراثية، **رسالة الماجستير غير منشورة** (الجامة الاسلامية بغزة، كلية التربية: ٢٠١٧) ص-ص٢٠-٢١

15. Erick López-Ornelas & Saúl Hermilio Hernández: Using Infographics to Represent Meaning on Social Media, **Springer International Publishing Switzerland** 2016 G. Meiselwitz (Ed.): SCSM 2016, LNCS 9742, p26.

١٦. وفاق حافظ بركع: وظيفة الانفوجرافيك في تقديم المحتوى الاعلامى عبر صفحات المواقع العراقية، **المجلة الدولية للعلوم الانسانية والاجتماعية** (ع٢٢، يوليو٢٠٢١)، ص-ص٢٤٤-٢٤٥

ملخص البحث

يهدف البحث الى التعرف على العناصر البنائية للإنفوجرافيك في المواقع الإلكترونية للقنوات الفضائية العراقية. حيث تكونت عينته من موقعي (كوردستان٢٤) و(السومرية) الإلكترونيين واللذان يوليان إهتماماً كبيراً بإنتاج ونشر الإنفوجرافيك مقارنة ببقية المواقع الإلكترونية للقنوات الفضائية. وتحقيقا لهدف البحث فقد اعتمد الباحث على استمارة تحليل المضمون لعينة عمدية قوامها (٨٥) مفردة (الانفوجرافيك) منشورة خلال الأشهر الثلاث الأولى من النصف الثاني من عام ٢٠٢١ في الموقعين المذكورين. وتوصل الباحث الى نتائج عديدة، أبرزها: لم يهتم المواقع بإنتاج ونشر الإنفوجرافيك بشكل يومي ممنهج. كما لم يعتمد المواقع على دمج كافة العناصر البنائية المرئية في تصميم الإنفوجرافيك. في حين أظهر الموقعان اهتماما بارزا في العناصر البنائية المكتوبة بنسبة (١٠٠%) بإستثناء عنصر (النسب المئوية) والذي لم يهتم به موقع (السومرية) إطلاقاً. كما أثبتت النتائج اهتمام موقع قناة (السومرية) البارز بالموسيقى بنسبة (٩٦.١٥%) كعنصر سمعي بديلاً لصوت المذيع/المذيعة، وذلك رغم اختلاف الادوار التي يلعبها كلا العنصرين. وبينت النتائج ان موقع قناة (كوردستان٢٤) لم يعتمد على العنصر المذكور في تصميم الإنفوجرافيك. وختاما وجد الباحث ان للموقعين نقطة مشتركة اخرى وهي عدم اعتمادهما على عنصري (التصريحات والمؤثرات الصوتية) في انتاج الإنفوجرافيك.

Abstract

The research aims to identify the structural elements of the infographic in the websites of the Iraqi satellite channels. His sample consisted of (Kurdistan 24) and (Alsumaria) websites, which have a great interest in producing and publishing infographics compared to other websites for satellite channels. To achieve the goal of the research, the researcher relied on a content analysis form for a deliberate sample of (85) single figures (infographics) published during the first three months of the second half of 2٠21 in the two mentioned sites. The researcher reached several results, most notably: The sites did not care about producing and publishing the infographic on a systematic daily basis. Nor did the sites rely on incorporating all the visual structural elements into the design of the infographic. While the two sites showed a prominent interest in the written structural elements (100%) with the exception of the (percentages) element, which the Alsumaria website did not care about at all. The results also demonstrated the prominent (96.15 percent) interest of the Alsumaria TV website in music as an audio component as an alternative to the voice of the announcer, despite the different roles played by both elements. The results showed that the website of (Kurdistan 24) channel did not depend on the mentioned element in the design of the infographic. Finally, the researcher found that the two sites have another common point, which is their lack of dependence on the two elements (statements and sound effects) in the production of the infographic.